هەرەم وادی دابەشکردنی بەشئاردی حەوتەم و بەشخەراکی پێنجەم راگەیاند



وەزارەتی بازرگانی هەرەم ،وادی دابەشکردنی بەشئاردی حەوتەم و بەشخەراکی پێنجەمی ئەمساڵ راگەیاند.

ئەمڕۆ یەکشەممە، نەوزاد شێخ کامیل، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی وتی، بەیاری دابەشکردنەکە دراوە، گەنمەکە لە کەرکوك دەهێندرێت و دەدرێتە ئاشکان، دوای تاقیکردنەوە، ئۆکات بەسەر بریکارەکان دابەش دەکرێت و لەم هەفتەیە دەگاتە دەستی هاوڵاتیان.

ئاماژەی بەوەشکردووە، ماددەکانی بەشخەراک هەموویی بەردەستن و پشکنینیان بۆ کراوە و بۆ تەواوی دابەش دەکرێن.